# ماموٚستا گیان بمبەخشە... ئەرکی دایك گرانترە

نوسینی/ خەندە جەمال رەئووف

لەشەوانی رابردوداو لەبەرنامەیەکی دیکەی سۆزان خاندا لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی ( میوانی بەربانگ ) کاتێ چووە ماڵی ماموٚستا جەمال عەبدولەوەو لەمیانەی ئەو بەرنامەیەدا سۆزان خان پرسیارێکی ئاراستەی ماموٚستا جەمال کردو وتی: بەڕای تۆ ئەرکی دایکایەتی گرانترە یاخود باوکایەتی؟ بەڵام وەڵامەکەی ماموٚستا جەمال تووشی سەرسوڕمانی کردم بەوەی وتی: بەدڵنیاییەوە ئەرکی باوکایەتی زۆر زۆر گرانترە لەئەرکی دایکایەتی!!

بەشبەحاڵی خۆم نەك لەئەرکی دایکایەتی خۆمەوە بەڵکو ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیش لێی بڕوانم دەبینم ئەرکی دایکایەتی سەدقاتی ئەرکی باوکایەتی گرانترە، ئەمە هەر لەسەرەتای ئاوسبوون بە 9مانگ ئازارو نەهامەتی کەدایك ئەو منداڵە بەسكو پێستو گەرماو سەرماوە هەڵدەگرێت، هەتاوەکو هەموو ئەو عەزابو ژانەی کەئەو دایکە منداڵەکەی پێ دەهێنێتە بوونەوەو دوای ئەوەش ماوەی (زەیستان) ی ئەو دایکە کەدەبێ بەرگەی هەموو ئازارەکانی جەستەی خۆیشیو بەخێوکردنو شیرپێدانی منداڵەکەیشی بگرێت، دواتر دایك ئەگەر فەرمانبەر بێت دەبێت دایك بێت، ژنی پیاوەکەی بێت، بەخێوکەرو پارەپەیداکەری بەشێك لەقورساییە ئابوورییەکەی ماڵ بێت، دواتر خەمخۆری منداڵەکەی بێت بەهێنانو بردنی منداڵەکەی بۆ ماڵە باوان یاخود خەزوران یاخود بگرەو بێنەو سەرهێشەی پەیداکردنی لانەیەکی منداڵان بۆ منداڵەکەیو ئەمەش بەهەموو کێشەکانییەوە، دایکی فەرمانبەریش دووجار هیلاکترە وەك لەژنی ماڵ بەوەی کەدەوامی دەرەوەش دەکاتو دەوامی ماڵو منداڵیشی، ئەمانە لەوانەیە بەدەم ئاسان بێت بەڵام بەفیعلی ژیانێکە بەتەنها دایکان لەهەقی دێن.

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو باوکێك.. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پیاوی وڵاتی من ئەو هیلاکییو ماندووبونەی ژن دەیچێژێت ئەو نایچێژێت، چونکە پیاوانێك هەن بەلایانەوە گرانو ئەستەمە گەر بۆ چەند سسەعاتێکیش بێت لەماڵەوە یامەرتی ژنە فەمانبەرەکەیان بدەنو کەمێ لەکاری قورسی ناوماڵیان لەسەر کەمبکەنەوە چونکە ئەمە بەعەیبەو دوور لەپیاوەتی دەزانن دیارە مەبەستم لەهەمووان نییە چونکە من بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەم، باوك لەوانەیە تەنها کاری بەخێوکردنی ماڵو منداڵی لەسەر بێت لەلایەنی ئابوورییەکەیەوە گەر هەندێ جاریش کەمەیارمەتییەکی ژنەکەیو منداڵەکەیشی بدات.

باشترینو زەقترین نمونەش ئەوەیە کەپیاوێك منداڵی هەبێتو لەقەدەرێکدا ژنەکەی کۆچی دوایی بکات تاماوەیەکی زۆر کەم دەتوانێ بەتەنها بمێنێتەوەو ئەرکی بەخێوکردنی ماڵو منداڵو ئەرکی دەرەوەیشی بەڕێوە ببات، سەیر دەکەین پاش ماوەیەك بەدوی هاوسەرێکی تری ژیانیدا دەگەڕێت، کەئەمەش ماقی هەموو کەسێکە کەبەتەنها نەژێتو من قسەم لەسەر ئەوەیان نییە، بەڵام چەندین ژنیش هەن لەدوای مردنو ونبوونی مێردەکەیانەوە بێباکانە توانیویانە گەر لەگەڵ ڕەوەیەك منداڵیشیدا بێت ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێوەبباتو منداڵەکانیشی بەسەربەرزی گەورە بکات بەهەموو قورساییو تەنگوچەڵەمەکانی ژیانەوە، نمونەی ئەو ژنانەش لەژنانی پێشمەرگە شەهیدەکانمانو کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجە ئەوەندە زۆرە کە هەموو کەس بۆ خۆی دەتوانێ بەزەقی ئەوە هەست پێ بکات، بۆیە وتراویشە: ( منداڵ بەدایك هەتیو دەبێت، نەك بەباوك )!

هەر لەمیانەی ئەو میواندارییەی ئەو بەرنامەیەشداو کەمێك دوای ئەو وەڵامەش ماموٚستا جەمال خۆی دانی بەوەدانا کە کەمتەرخەم بووەو وتی سوپاسی ماڵو منداڵەکانم دەکەم بەتایبەتی هاوسەرەکەم کەزۆر ئازا بووە لەبەخێوکردنی منداڵەکانمو یارمەتیدانی منیشدا، چونکە من کەمتەرخەمتر بووم لەبەخێوکردنیان ئەویش بەهۆی هەستی نەتەوایەتیو خزمەتکردنی گەلو نیشتمانەوە، کەواتە ماموٚستا گیان چۆن تۆزێ لەمەوبەر وتت: ئەرکی باوکایەتی گرانترە؟؟!!

گلەییەکیشم لەسۆزان خان ئەوەیە، کەئەرکی رۆژنامەنووس ئەوەیە لەکاتی چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا تەنها سەر نەلەقێنێو نەڵێ بەڵێ وایە، چونکە هەندێ جار ( ئەوی بەرامبەر ) ئاماژە بۆ شتێکی پێچەوانە دەکات، بەڵام ئیدی لەبەرئەوەی ئەو هەرکەسێکە ئێمە نابێت بڵێین "بەڵێ وایە"، بەڵکو دەبوا سۆزان خان وەکو کچێك کەلەداهاتوودا دەبێتە دایكو ئەرکی گرانی دایکایەتی پەیڕەو دەکات، بیوتایە من تێبینیم لەسەر ئەو بۆچوونەت هەیە.

بۆیە دەڵێم ماموٚستاگیان بمبەخشە، بەخوا ئەرکو نەهامەتییەکانی دایك گرانترە، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆت.